پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی شتێکی کرد، وفەرمووی: «ئەوە لەکاتێکدایە کە زانست^ نامێنێت

لە زیاد کوڕی لەبیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی شتێکی کرد، وفەرمووی: «ئەوە لەکاتێکدایە کە زانست^ نامێنێت»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن زانست نامێنێت، لەکاتێکدا ئێمە قورئان دەخوێنین وفێری منداڵەکانمانی دەکەین وئەوان فێری منداڵەکانیان دەکەن هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت؟ فەرمووی: «لەبار دایکت چوپتایە ئەی زیاد، پێم وابوو تۆ زاناترین پیاوی لە مەدینە، ئایا ئەوە جولەکە وگاوڕەکان نین کە تەورات وئینجیل دەخوێننەوە، وهیچ نازانن سەبارەت بەئەوەی تێیاندا هاتووە؟».

[سەحیحە بە ئاماژەکانی تر] [(ابن ماجه) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبوو لەنێو هاوەڵانی، باسی شتێکی کرد وفەرمووی: ئەوە لەکاتێکدایە کە زانست هەڵدەگیرێت ونامێنێت لەنێو خەڵکیدا، زیادی کوڕی لەبیدی ئەنساڕی پێی سەیر بوو -ڕەزای خوای لێبێت- ، وپرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: چۆن زانست هەڵدەگیرێت ولە نێو دەستمان نامێنێت؟ لەکاتێکدا ئێمە قورئان دەخوێنینەوە ولەبەرمان کردووە؛ واللە دەیخوێنین، وفێری خێزان ومنداڵەکانمانی دەکەین، ومنداڵەکانی منداڵەکانیشمان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە سەرسوڕمانەوە فەرمووی: دایکت تۆی لێ ون بێت ئەی زیاد! پێم وابوو تۆ لە زانایانی مەدینەیت! پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆی ڕوون کردەوە: کە نەمانی زانست بەهۆی نەمانی قورئان نیە؛ بەڵکو نەمانی زانست بەهۆی کردەوە نەکردنە پێی، ئەوەتا تەورات وئینجیل لەلای جولەکە وگاوڕەکانە؛ لەگەڵ ئەمەشدا هیچ سوودی بۆیان نیە، ولە مەبەستیان تێنەگەیشتون؛ کە بریتیە لە کردەوە کردن بەوەی دەیزانن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65045